تێگەیشتن، وەهمی ئازاد بوونە لە بنیاتە داسەپێنەرەکانی بوون

پێشکەشە بە هاوڕێم عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا



نەجات حەمید ئەحمەد

زمان لە بناغەوە بۆ ئەوە هێنراوەتە کایەوە کە یادەوەریی زانین بکاتە ئەرشیفێکی زیندوو، کە بیکاتە گۆڕستانێکی مێژوویی ولەگەڵ خۆشیدا لە هەموو دەست لێدانێکیدا مرۆڤ بەرەو ئەو گۆڕستانە بەرێت،لێردا زمان کە خەسڵەتێکی بە گشتی بوون وەردەگرێ تەنها لەو ڕێگەیەوە ئەو خەسڵەتە وەردەگرێ کە دەچێتەوە سەر ئەو چۆنێتییەی دەربڕین لە خۆ کردنەی کە لە چوارچێوەی بنیاتە مێژوویییەکانی مانادا شوێنێک ئارامگایەکی دڵنیا بۆخۆی بدۆزێتەوە، ،لەو کاتەش زمان لەو بازنەیە دەردەچێ وتوانای خۆ بەرهەم هێنانەوە بە دەست دێنێ کە لەو بە ئەرشیف بوونەی خۆی دەردەچێتە دەرەوە دەیەوێ وەکو زمانێکی شاراوەی ماناو بوونایەتی خۆی بنوێنێ بە هێنانەوەی بۆ نێو ژیان ئەو زمانەی سیفەتی گشتیی هەیە، تەنانەت لەم ساتەشدا هێشتا زمان سیفەتی زیندوێتی ومردوێتی خۆی لە نێو وەهمەکانی تێگەیشتن ودۆزینەوەدا دەبینێتەوە، لێردەوە ئەگەر تێگەیشتن وەکو جیاکارێکی تایبەتمەندیەکانی بوون سەیر بکەین،تێگەیشتن تەنها لە هاوبەشی کردنی لە گەیشتن بە مانایەک لە مانا شاراوەکانی بوونی ڕەهادا ئەو تایبەتمەندیە بە دەست دێنێ،کەواتە تێگەیشتن زۆر کاتی وزۆر دۆخداڕە کاتێک دەیەوێ جێگەی ئەو تێڕوانینە بگرێتەوە کە ئێمە گەیشتووینەتە ڕاستی.

بەشی چوارەم

لە بەر ئەوەی گەیشتن بە ڕاستی لە خودی بوونایەتیدا ڕێگەیەکە بۆ خۆڵادان لە ڕاستیی فراوان وبێ سنووری دیکە کە مرۆڤ هێشتا نەیتوانیوە پێیان بگات، تێگەیشتن وەکو وەهم،ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە تایبەتمەندێتیش لەوێدا تاک وتەرایە کە ناچێتە ژێر باری هەموو ئەو ماناڕاستەقینانەوە کە ماناکانی جیهانی ڕووکەش بەرهەمیان دێنن،چونکە مەبەست وئاراستەی ئەو بۆ ئەوەیە بۆ ماوەیەکی زۆرترو لە مانایەکی فراوانتر لە کرداری دۆزینەوەی مانا شاراوەکانی بوونداو هێنێتەوە،لێرەشدا دەشێ بڵێین زانینی تراسێندانتالی لەوەدا بیرکردنەوەیەکی بەر تەسکە کە ئەو شتانە دیاری دەکات کە شیاون بۆزانین لەوانەش مانا، چونکە ئەمە پارادۆکسی بوونێکە لەو مەبەستگەراییەی کە بابەتە خودیەکان هەڵی دەگرن وپێویستیان بەوەیە لێیان بگەین لە سەر بناغەی ئەو سیستەمە گشتیانەی کە زۆرترین بیر لە یەک بۆتەدا کۆدەکاتەوە (هەروەها کرانەوەی مانا بە ڕووی ئەو شتانەی کە بە مانا هۆسرەلیەکەی شیاو نین بۆ زانین)، ،بە هاوبەشی بوونیان لە سیفەتی هاوبەش،وەلاوە نانی مانا وەکو هەڵگری خەسڵەتێکی بابەتی بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی هۆسرەلەوەیە کە وای دەبینێت گشتی بوون سەرچاوەیەکی یا زەمینەیەکی بناغەیی تێگەیشتن، وەکو ڕاستی تێ گەیشتنە وەکو وەهم،ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە تایبەتمەندێتیش لەوێدا تاک وتەرایە کە ناچێتە ژێر باری هەموو ئەو ماناڕاستەقینانەوە کە ماناکانی جیهانی ڕووکەش بەرهەمیان دێ